# ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟ » ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانێت، فەرمووی: «ئەوەیە شتێک بڵێیت سەبارەت بە براکەت کە ئەگەر ئەو بیبیستێت حەزی پێنەکات

له ئه‌بی هوڕه‌یره‌وه -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه پێغه‌مبه‌ری خودا -صلی الله علیه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «ئایا ده‌زانن غه‌یبه‌ت چییه؟ » ووتیان: خودا وپێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی ده‌زانێت، فه‌رمووی: «ئه‌وه‌یه شتێک بڵێیت سه‌باره‌ت به براكه‌ت كه ئه‌گه‌ر ئه‌و بیبیستێت حه‌زی پێنه‌كات»، ووترا: ئه‌ی ئه‌گه‌ر ئه‌و قسه‌یه‌ی كه سه‌باره‌ت به ئه‌و كرا تێیدا بوو؟ -صلی الله علیه وسلم- فه‌رمووی: «ئه‌گه‌ر ئه‌و قسه‌ی سه‌باره‌ت به ئه‌و كرا تێیدا بوو؛ ئه‌وا غه‌یبه‌تی ئه‌وت كردووه‌، وئه‌گه‌ر تێیدا نه‌بوو؛ ئه‌وا بوهتانت بۆی كردووه».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغه‌مبه‌ر -صلی الله علیه وسلم- هه‌قیقه‌تی غه‌یبه‌تكردنی حه‌رامكراو ڕوونده‌كاته‌وه‌، ئه‌میش بریتیه له : باسكردنی مسوڵمانێک به‌شێوه‌یه‌ک ئه‌گه‌ر بیبیستێـت پێی ناخۆش ده‌بێت، ئه‌گه‌ر باسكردنی سیفه‌ته ڕه‌وشتی یان لاشه‌ییه‌كانی بێت، وه‌كو: كوێر وفێڵ ودرۆزن وهتد له وه‌سفه‌كانی سه‌رزه‌نشتكردن، ئه‌گه‌رچیش ئه‌و سیفه‌ته‌ی تێدا هه‌بێت. به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئه‌و سیفه‌ته‌ی تێدا نه‌بێت ؛ ئه‌مه گه‌وره‌تره له تاوانی غه‌یبه‌تكردن، كه پێی ده‌ووترێت: بوهتان، واتا: درۆ هه‌ڵواسین بۆ كه‌سێک له‌كاتێكدا ئه‌و سیفه‌ته‌ی تێدا نه‌بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5326